سەدر بۆ لایەنگرانی:دوربن لەدونیا وپارەکەی وفیتنە وبەخششەکانی

موقتەدا سەدر ڕێبەری ڕەوتی سەدر لە پەیامێکدا ژمارەیەك ڕێنمایی بۆ بەشداربوانی "البنیان المرصوص" بڵاودەکاتەوە و نیگەرانی خۆی لە دابەشبوون و بڵاوەپێکردنی ڕەوتەکەی دەردەبڕێت بەتایبەت دوای ئەوەی بمرێت یان بکوژرێت و راشیدەگەیەنێت، بەرەو پێکهاتەیەکی باش و دامەزراو هەنگاو بنێن واتە سەربکەون لە بەهێزکردنی خێزان و چەسپاندنی ڕیزەکان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی برایەتی.

موقتەدا سەدر لە پەیامێکدا کە ئاڕاستەی خۆشەویستان و بەشداربوانی "البنیان المرصوص"ی کردووە بڵاویکردۆتەوە، چەند ڕێنماییەکتان پێشکەش دەکەم، هیوادارم بە قبوڵکردنی باشەوە لێم وەریبگرن، بۆئەوەی ڕووەکی باش بچێنن.

لەڕێنماییەکانیدا، موقتەدا سەدر باسی لەوەکردووە، بەرەو پێکهاتەیەکی باش و دامەزراو هەنگاو بنێن واتە سەربکەون لە بەهێزکردنی خێزان و چەسپاندنی ڕیزەکان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی برایەتی، دەبنە نمونەیەك لەوە کە لە بواری هاوپشتی کۆمەڵایەتیدا پەیڕەوی بکەن، سەقامگیریش لەم ژیانەدا، لەدوای مردنەوە بەدەست دێت، دوربن لە دونیا و پارەکەی

و فیتنه‌ و به‌خششه‌كانی.

ئه‌وه‌شیخستۆته‌ڕو، "گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ لای خودای گه‌وره‌ و زیادكردنی كرده‌وه‌كانی تاعه‌ت و عیباده‌ت، كه‌واته‌ هه‌ركه‌سێك ئاره‌زوی بكات، ڕۆژانه‌ با خودای له‌ بێت و به‌ڵێن به‌خۆی بدات كه‌ نه‌هێڵێت ئه‌م ده‌ستكه‌وته‌ دونیایه‌ شكست بهێنێت".

موقته‌دا سه‌در ده‌شڵێت، "بینایه‌كی ڕاسته‌قینه‌ هه‌یه‌، له‌سه‌ر بناغه‌یه‌كی لۆژیكی و شه‌رعی، بۆ كۆمه‌ڵگه‌ و خێزان، پته‌وكردنی په‌یوه‌ندی نێوان ئیمانداران و خۆشه‌ویستان، به‌تایبه‌تی له‌ ناوه‌ڕاستی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی به‌ربڵاوی كۆمه‌ڵایه‌تی و خێزانی به‌هۆی گوناه و پشتگوێخستنی ژیانی دوای مردن، بڵاوبونه‌وه‌ی كات به‌سه‌ربردن و یاریكردن و زۆرانبازی به‌سه‌ر ئه‌م جیهانه‌دا، ته‌نانه‌ت له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌ی خۆشمان ده‌وێن، به‌ نیگه‌رانیه‌كی زۆره‌وه‌، ترسم له‌ دوبه‌ره‌كی و په‌رشوبڵاوی ئێوه‌ هه‌یه‌، به‌تایبه‌ت ئه‌گه‌ر بمرم یان بكوژرێم، ئه‌م ده‌ستكه‌وته‌ له‌ژێر گوێڕایه‌ڵی خودا و خۆشه‌ویستی نیشتمان و خۆشه‌ویستیمان بۆ بنه‌ماڵه‌ی سه‌دری ده‌تانهێڵته‌وه‌، ئێوه‌ش له‌ له‌ناو خێزانه‌ گه‌وره‌كه‌تاندا (بزوتنه‌وه‌ی سه‌در) ده‌مێننه‌وه‌.

هه‌ر له‌ رێنماییه‌كانیدا رێبه‌ری ره‌وتی سه‌در باسی له‌وه‌كردوه‌، "به‌ دونیا و پاره‌كه‌ی و كورسییه‌كانی فریو مه‌خۆن، ئه‌م ده‌ستكه‌وته‌ ده‌ستكه‌وتێكی كاتیه‌، نه‌ دونیاییه‌، نه‌ سیاسی، نه‌ سه‌ربازی، نه‌ ئاژاوه‌گێڕانه‌، بۆیه‌ وشه‌یه‌ك مه‌ڵێن و كرده‌وه‌یه‌ك مه‌كه‌ن مه‌گه‌ر دوای پێداچونه‌وه‌ هه‌ڵتان نه‌سه‌نگاندبێت".